# راگەیاندنی کۆتایی پێهاتنی کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە

ئاگادارتان دەکەین، کۆنگرەی سیزدەهەمی کۆمەڵە لە نیوەی یەکەمی مانگی گەلاوێژی 1387ی هەتاوی بەرامبەر بە نیوەی دووهەمی ژوئیەی 2008ی زاینی هاوکات لە دوو شوێن، لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستانی عێراق، کە لە ڕێگای تۆڕی ئینتێرنێتەوە بەیەکەوە بەسترابونەوە بەڕێوە چوو و دوای 5 ڕۆژ کاری پڕ بە پڕ سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

لەو کۆنگرەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، نوێنەرانی بەشی تەشکیلاتی نهێنی لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، نوێنەرانی ئەندامانی بەشی تەشکیلاتی عەلەنی و لە ناو هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، نوێنەرانی ئەندامانی بەشی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دەیان کەس لە ئەندامانی حیزب وەکوو چاودێر بەشدار بوون. کۆنگرە کاری خۆی بە سرودی ئەنترناسیۆناڵ و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەخت کردوانی ڕێگای ئازادی وسوسیالیزم دەست پێکرد. لە سەرەتای کاردا ڕاپۆرتی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە لایەن چاودێری گشتیی هەڵبژاردنەکانەوە و بڕوانامەی نوێنەرانی کۆنگرە پەسەند کرا و دواتر  بە پەسند کردنی پێڕەوی ناوخۆی کۆنگرە و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر کۆنگرە بە ڕەسمی کارەکانی دەست پێکرد.

یەکەمین دەستوری جەلەسەی کۆنگرە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 12ی کۆمەڵە. کۆنگرە دوای بیستنی ئەو ڕاپۆرتە و وەڵام  دانەوەی بە پرسیاری بەشدار بووانی کۆنگرە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە، چووە سەر دەستوری جەلەسەکانی دیاری کراوی خۆی.  قسەوباس سەبارەت بە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە کە تەوەری جۆراوجۆری لە خۆ

دەگرت، دەستوور جەلەسەی دواتری کۆنگرە بوو. لە رەوتی بەرەوپێش چوونی ئەو باسانەدا، راپۆرتی سیاسی پوختە تر کرا و وەکوو بەڵگە نامەیەکی سیاسی کە لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی ناوەرۆکی سیاسی باسەکانی کۆنگرەش بوو، لە لایەن زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی کۆنگرە وە، پەسند کرا.

بارودۆخی سیاسیی گشتیی ئێران تەوەرێکی دیکەی باسەکانی کۆنگرە بوو. لەو پەیوەندیەدا بابەتەکانی وەك پێشینە و هۆکاری مێژوویی، سیاسی و پێکهاتەیی، ئەزمەی ئابووری ئێران و ئاکامەکانی ئەم ئەزمەیە، تەوەروم و رەوتی روو لە زیاد بونی گرانی و مەترسیی فەلاکەتی ئابووری کە هەڕەشە لە بەشێکی زۆر لە چینی کرێکار و کۆمەلانی کەم داهاتی کۆمەڵگا دەکات و هەروەها نەمانی ئاسایش لە ئاستی کۆمەلایەتی دا، جێگا و شوێنی ئێستای دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد، درێژەی ئەزمەی پرۆژەی ئەتۆمیی رژیمی ئێران و هەوڵەکانی ئەو رژیمە بۆ مانەوە و بۆ دەستەبەرکردنی جێگاوشوێنێك لە ئاستی ناوچەکەدا، باس و لێکۆڵینەوەی لە سەر کرا.

هەر لەم پەیوەندییەدا جێگاوشوێنی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری و گەشەی ئەو بزوتنەوەیە لەم مانگانەی دوایی دا و کۆسپەکانی سەرەکیی سەر رێگای هاوئاهەنگی و سەرتاسەریی بوونەوەی ئەو خەباتە، کۆسپەکانی سەر رێگای گەشەی بزووتنەوەی ژنان، هەڵسەنگاندنی ئەو رووداوانەی کە زیانیان بە بزوتنەوەی خوێندکاران گەیاندوە و لە هەمان کاتدا دیتنی رەوتی گەشە و بەرەو پێش چونی ئەو بزوتنەوەیە، تاوتوێ کران و هەڵوێستی سوسیالیستی لە سەرجەمی ئەو بوارانەدا بۆ جارێکی دیکە جەختیان لە سەر کرایەوە.

لەم راپۆرتە دا هەروەها رەوتە سیاسی و کۆمەلایەتیێکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە لە بەر چاو گرتنی نمونە عێراق، باسیان لە سەر کرا. سەردێڕە سەرەکییەکانی ئەم باسە بریتی بوون لە تاوتوێکردنی جێگاوشوێنی رەوتی ئیسلامی، ناسیۆنالیزمی عەرەب،

ناسیۆنالیزمی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاست و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئامریکا، ئاسۆی خەباتی مەدەنی و رادیکاڵی جەماوەری لە عێراق.

هەلومەرجی سیاسیی کوردستانی ئێران و تایبەتمەندییەکانی یەکێکی دیکە لە باسە سەرەکییەکانی کۆنگرە بوو. لە پەیوەند لە گەڵ ئەم باسەدا، رەوتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لەوانە، ستەمی نەتەوایەتی، خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی، ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبە سیاسییەکانی ، رەوتی لیبراڵ و ریفۆرمخواز، رەوتی ئیسلامی و سەرەنجام جێگاوشۆینی کۆمەڵایەتیی رەوتی سوسیالیستی، تاوتوێ کران.

بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەلاتدارێتی خەڵك لە کوردستان لە زومرەی باسەکانی دیکەی کۆنگرە بوو. ئەم بەرنامەیە کە لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەی 12و13 و لە سەر بنەمای بڕیاری کۆنگرە 12ی کۆمەڵە ئامادە کرا و بڵاو بۆوە، لەم کۆنگرەیەدا بۆ جارێکی دیکە باسی لە سەر کرایەوە. پێویستیی هاتنە گۆری ئەو بەرنامەیە، پێشینەی سیاسی و فیکری و عەمەلی ئەو بەرنامەیە، پێداگرتنی لە سەر دەسەلاتی راستەوخۆی جەماوەر، رێ نیشاندانی بۆ هاوکاری لە گەڵ مەیل و بۆچونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چالاکەکان لە کوردستان ، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو باسە بوون کە لە کۆنگرەدا قسەوباسیان لە سەر کرا و تاوتوێ کران. ئەو بەرنامەیە بە زۆرینەی نزیك بە تەواوی دەنگی نوێنەران پەسند کرا. بڕیار درا کە بە سەرنجدان بەو قسەوباسانەی کە تا ئێستا لەم بابەتەوە کراون، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە گۆڕانکاریی پێویستی تێدا بکات و دیسانەوە بڵاوی بکاتەوە.

کۆنگرە لە درێژەی کاری خۆیدا، چووە سەر باسی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئاشکرا و قانونی لە کۆمەڵگای کوردستان و بە پشت بەستن بە قسەوباسەکانی تا ئێستا، گیروگرفتەکانی سەر رێگەی پەرەسەندنی ئەو بوارەی دیاری کرد و رێگاکانی زاڵبوون بە سەر ئەو کۆسپانەی نیشان دا.

**هێزی چەکداری کۆمەڵە و جێگاوشوێنی ئەو هێزە وەکو باسکی چەکداری رەوتێکی کۆمۆنیستی، کەند و کۆسپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستا لە سەر رێگەی پەرەدان بە خەباتی چەکداری لە کوردستان، جێگاوشوێنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق ، لە بابەتەکانی دیکەی کۆنگرە بوو کە بە وردی قسەوباسی لە سەر کرا.**

**کۆنگرە لە بەشێکی دیکەی باسەکانی خۆیدا لە چوارچێوەی راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی دا چووە سەر تاوتوێکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کۆمەڵە. لەم باسەدا سێ بواری کەم تا زۆر جیاواز لە یەکتر هاتنە گۆڕێ و پرەنسیپەکانی زاڵ بە سەر هەر کامیاندا دیاری کرا. ئەم سێ بوارە بریتی بوون لە: پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتان، پەیوەندی لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران و پەیوەندی لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان.**

**بەشێکی دیکەی باسەکانی کۆنگرە بریتی بوو لە تاوتوێکردنی مەسەلەی " راگەیاندنی فراکسیۆنی چالاکیی بە ناوی کۆمەڵە ". لەم بوارەدا بۆچوونە جیاوازەکان لە کەش و هەوایەکی سیاسیی و هاوڕێیانەدا باسیان لەسەر کرا. بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەیکە چ پێش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چ دوای پێکهاتنی ئەو حیزبە و تا ئێستاش، هەڵسووڕان بە ناوی کۆمەڵە لە کوردستان، راستییەکی عەینی و حاشاهەڵنەگر بۆە، کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵە دانانی ناوی "چالاکیی لە ژێر ناوی کۆمەڵە"ی بۆ راگەیاندنی بوونی کەمینەیەکی رێکخراوەیی لە ناو حیزب دا بە دروست نەزانی. کۆنگرە هەروەها لە لەم پەیوەندییەدا وێڕای جەخت کردنەوە لە سەر ماڤی کەمینە بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوون و روانگەکانی خۆیان لە رێگەی راگەیەنەرەکانی حیزبیەوە، پێکهێنانی ئەو فراکسیۆنەی بە ناپێویست هەڵسەنگاند. بە هۆی ئەوەی کە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەوە لە دەسەلاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دایە کە لە مەڕ بە رەسمی ناسین یان**

بە رەسمی نەناسینی ئەو فراکسیۆنە بڕیاری کۆتایی بدات، کۆنگرە داوای لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب کرد کە لە یەکەم پلێنۆمی خۆیدا ئەو باسە تاوتوێ بکات و هەڵوێستی رەسمیی خۆی بۆ هەموان رابگەیەنێت.

ئەو ئاڵقە هاوبەشەی کە سەرجەم باسەکانی کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵەی پێکەوە گرێ دەدا، جەخت کردنەوە لە سەر بنەمای ستراتێژی سوسیالیستی لە لێکدانەوە و لە کردەوە دا بوو، بەو واتایە کە رەوتی ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکی جیاواز لە بەرژەوەندیی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی نییە. لەو روانگەیەدا چینی کرێکار دەتوانێت و شیاوی ئەوەیە کە لە رێگای بە دواداچوونی ئەو ستراتێژە سیاسیەوە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێت و سەرجەم بەربەستە عەینی و عەمەلیەکانی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی لە سەر رێگا وەلا بنێت.

کۆنگرە هەر وەها پەیام گەلێکی روو بە بنەماڵەی گیانبەخت کردوانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بۆ زیندانیان سیاسی پەسند کرد.

کۆنگرە لە بڕگەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی دا 19کەس لە ئەندامانی خۆی وەکوو کۆمیتەی ناوەندیی داهاتووی کۆمەڵە هەڵبژارد. ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بریتین لە:

هەڵمەت ئەحمەدیان، موزەفەر پاکسرشت، رەئوف پەرەستار، عیسا جەمشیدی، بارزان حەسەن پوور، حەسەن رەحمان پەنا، عوسمان رەمەزانی، رەشید رەزاقی، حەسەن شەمسی، فەرهاد شەعبانی، ئەحمەد ساڵحی، ئیبراهیم عەلیزادە، ئەحمەد عەزیز پوور، محەمەد کەماڵی، ئەختەر کەمانگەر، سەلاح مازوجی، سروە ناسری، رەحمان نەجات و ئەدیب وەتەن دوست.

**کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵە لە ڕێوڕەسمێکی کۆتایی و ڕەسمیدا بە بەشداریی ژمارەیەك لە هاوڕێیانی پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان دوای 5 ڕۆژ کاری پڕبەپڕ کۆتایی پێهات. بەشدار بووانی کۆنگرە لە ڕێگای دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەوە سوپاس وپێزانینی خۆیان ئاراستەی هەموو ئەو هاوڕێیانە کرد کە چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە کوردستان ئاسایش و پێداویستیەکانی ئەو کۆنگرەیان دابین کردبوو.**

**قسەوباسەکانی ئەم کۆنگرەیە بە شێوازی جۆراوجۆری وەك نوسراوە و دەنگ و ڕەنگ لە داهاتوویەکی نزیك دا و بە وردی بە ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگات.**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

11ی گەلاوێژی 1387

1ی ئوتی 2008